تەقینەوەی ئەتەمبەلێک لە خاڵێکی سنووریی نێوان ئەمریکا و کەندا



پۆلیسی فیدراڵیی ئەمریکا رایدەگەیەنێت، ئەتەمبەلێک لە خاڵی سنووری نێوان ئەمریکا و کەندا تەقیوەتەوە و بەهەیەوە دوو کەس گیانیان لەدەستداوە و پۆلیسێکی دیکەش بریندار بووە و ئەستا بەهۆی تەقینەوەکە سنووری نێوان هەردوو وڵاتەکە داخراوە.

ڕۆژی چوارشەممە، پۆلیسی فیدراڵیی ئەمریکا لە راگەیەندراوەکدا گوتی، "ئەتەمبەلێک لە خاڵی سنووری نێوان ئەمریکا و کەندا لە شاری نیاگارا فاڵس لە نزیک تاڤگەی نیاگارا تەقیوەتەوە."
کاتی هەکو، حاکمی ویلایەتی نیویۆرک، کە سنووری نێوان ئەمریکا کەندایە لە راگەیەندراوەکدا گوتی، پۆلیسی ویلایەتی نیویۆرک بەشێوەیەکی چالاکانە لەگەڵ پۆلیسی فیدراڵیی ئەمریکا لەسەر هەڵەن و لەکۆینەوەیان لە رووداوەکە دەستپێکردووە."

بەرپرسانی شاری نیاگاراش دەڵێن، ئەتەمبەلەکە لە کەنداوە بەرەو ئەمریکا هاتووە و لە دووەم خاڵی پشکنینی سنوورەکەدا تەقیوەتەوە و دوای تەقینەوەکەش پۆلیس سەرجەم خاڵەکانی ئەو ناوچە سنووریە داخستوون.